# کرمی ئاوریشم

## ئەحمەد دەشتی



ڕۆژتان باش بێ هۆ زارۆکان
ئازایان و دڵ پاکەکان
وەرن هەموو گوێ ڕا گرن
له ڕێی فێربوون قەت خۆ مەگرن
بۆتان بلێم ئەم چیرۆکە
باسی کرمێکی زۆر چووکە
باسمان لە گەڵ دارە تووە
کەوا بەری زۆر گرتووە
لە کەناری گوندیکی جوان
لەسەرئاوو روبارێکیپڕ ئەرخەوان
داری بلند شاخەی دابوو
گەلێ پان و پۆڕیش ببوو
سیمای دار توو زۆرڕەنگین بوو
پڕ لە بەرو زۆر شیرین بوو
دەیڕوانیە سەر ئەو ئاوە
چەندەدلگیر بوو ژین لەو ناوە
ئاوی ڕون و پاک وبێ گەرد
لە ناو کانی دەهات زور سەرد
ئەو دەمە وەرزی بەهارێ بوو
کەژی شادی دلداران بوو
کرمێکی چووک لەو بنارە
دەرۆی بەرەو سەر ئەودارە
زۆر بچوک و فسقلی بوو
کرمە رەنگی وەک جادو بوو
دڵی دەیویست کە بە جارێ
خەمی بڕوا لە سەر دارێ
کرمە چووکە هەر بەتەنیا

KURDISTANNET www.kurdistannet.org

به ئارامی چوو بۆ ســـــــــەریا
داری بەرزو بلـــند و جـــوان
لە گەل کـــــرمە هاتـــە دوان
گوتی ڕێگـــەت نیــــە لامان
بۆ هــــــەولەدەی بێیە ســەمان
بــــــڕۆ زووبە دووربە لێـمان
تۆ پیس مەکە دەور و بەرمـــان
جیگـــەت نیە تۆ لەو ســـەرە
کرم بۆ دا مەرگی ســــــەرە
هـــــاواری کـــــرد دارە توکە
نەفرین لە تۆ ئەی کرمـــــۆکە
لە بەرچی دێی بۆ ســــەرتەنم
کرمن دەکـەی ڕووی گوڵشەنم
مـــن دارە تووم زۆر نـــازدارم
دژ بـــە دوژمن پـــڕ هــــاوارم
مێوەی بەرم زۆر شـــــیرینە
بێ ســـود نیمە لەم زەمیـــنە
هەتا دارە لە قســـــــان بۆوە
کرمە کەمێ ســـــەرکەوتـەوە
لـــــەو لاوە بینی ســــمۆرە
کە کرمێ دیارە بـــــۆر بـۆرە
ئەو ســــمۆرە بە نـــــازەوە
ئـــاوڕی لە کـــــرمە دایەوە
گــــــوتی نـــازانم کە تۆچی
بۆچی هــــاتووی تۆ خەریک چی
هـاواری کــــــرد تۆ کێندەری
بـــــرۆ لێرە قەلـەنـــــدەری
زوکە لێــــــرە بـــڕۆ خوارێ
با لێت نەکەم من هــــــاوارێ

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

لێمان گەڕێ و تۆ دوور کەوە
زۆۆکە لای ئێمە لاکەوە
کرمە چووکەش زۆری نالاند
خۆی لە گریەو زاری ئالاند
ئەو دەیەویست لەو سەر دارە
دوورکەوتەوە بۆ ئەوخوارە
لە ناکاو ئەو کەوتە خوارێ
جەستە بە ژان لە ژێر دارێ
دیسان کرمە هاواری کرد
بە گریەو زاری ڕای دەکرد
گوتی منی کرمە چوکە
بۆ لێم دەگرن ئەم بەرۆکە
ئاخر منیش ژینم دەوێ
ئازاد بوون و شادیم دەوێ
من نامەوێ دەستم ببڕن
ڕێگە لە ژینی من بگرن
جیگەی ژینی من سەردارە
سەر ترۆپکان بێ هاوارە
هەر ئارام و بێ گریانە
کێ بڵند بژی دڵ بێ ژانە
دوورلە پەستی و ناشادیە
ژیان لە بلند ئازادیە
پیلەی بە سودم چادەکەم
خزمەت بە گشت چاولی دەکەم
منیش سودی گشتم هەیە
دارە وەک تۆ بەرم هەیە
بۆچی ئاوا ڕێم لێ دەگرن
شادی ژینم وا لێ دەبڕن
دەتانەوی کەوا بمرم

ڕێگەی بەرزی ژینم نەگرم
لێم گەڕێن با بچمە سەری
بۆخۆم دانێم لانەو بەرێ
با سەربەست و شادان بژیم
لە ژێر دەستی زۆردار نەژیم
لەو دەمە دا کوترێکی جوان
بالی لێک داو هاتە دوان
گوتی کرمی نازەنینم
جوان و شیرن بۆ زەمینم
دیارە شوێنت لەو سەرەیە
لانەت لەم دەورو بەرەیە
ئەتۆ کرمی ئاوریشمی
جوانتر لە گشت جوانی بەشمی
بۆچی دەگری بەم بەهارە
دیارە ون بووی لەم هەوارە
کرم کە گویی لە کۆتر بوو
دڵی بە قسەی ئەوا شاد دەبوو
گوتی بەڵی کۆترە جوانە
یاخوا شاد بی لەم ژیانە
تۆ دیارە پیاو چاکی
بۆیە ئاوا زۆر دڵپاکی
لێم ناگەڕێن کە ئازادبم
ژیان شادو خاوەن ماڵ بم
زۆر سوپاست دەکەم کەوا
دووری لە زووۆر و نارەوا
هاتووی کەوا یارمەتیم دەی
دەستی پاکت بۆم درێژکەی
ئەوسا کۆترەی نەخشین و جوان
بە دلۆڤانی و بۆن ئەرخەوان

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

کرمەی گــــرت و بڵنـدی کرد
لە ســەر ترۆپکی دارەی گیرکرد
زۆر بە پـــەلە کرمە خۆی گرت
لە ســەر ترۆپکی دارا جێی گرت
لە نـــــاو گەلاو لقـــــی دارە
لانەی ســــــازدا لەو بەهـارە
خـــــــانوێکی بۆخۆی چا کرد
رووی لە لانەو کـاری خۆی کرد
بەبێ تــــرس و دڵــــە ڕاوکە
ســــازی کرد پیلەی وا چاکە
کـــــــرمە چووە ناو پیلەوە
پشـــــــوی لێدا بە خەنـدەوە
چەند رۆژێ بوو بایێ نەهـــات
کــــــرمە چاکی لە بۆ دەهات
ئەویش بەری پیلەی ســـــازدا
کــاری کـــــردو ئاوریشمی دا
پێ دەگەیی وجوان و نەخشـــین
وەک پــەروانەی جوان و ڕەنگین
لە ناو پیلە هـــــــــاتە دەرێ
پەروازی کرد بۆ ســــەر سەرێ
هەتا بلێی شـــــــادو خـەندان
پەروازی کـــرد بە دڵی شـادان
سوکبال لەو درەختە وا مەغـرورە
دوور کەوتەوە و بـــۆ ئەو دوورە
بە ئـــــاواتی خـــۆیا گەیی
دوور لە نــزمی و ژینــی نەوی
ئەو دەیزانی کـــــار جەوهەرە
کە کۆڵ نەدەی بۆت گەوهـــەرە

* لە فارسی وەرم گرتوە و بە گۆڕانکاریەوە کردومەتە کوردی

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET